seed foundation
Social Educational Economic Development

**دەزگای سیید یەکەم ڕاهێنانی دەست پێکرد لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە عێراقییەکان.**

**هەولێر - ٩/ ٥/ ٢٠٢٢:** دەزگای سیید بە فەرمی یەکەیەکی ڕاهێنانی گشتگیری تەواو کرد لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بۆ (٣٠) کارمەندی ڕێکخراوی ناحکومی عێراقی، کە یەکەم ڕاهێنانە لەم جۆرە لە عێراق. ئەم یەکەی ڕاهێنانە کە ڕۆژێکی تەواوی پێویستە، بەشێکە لە بەرنامەیەکی ڕاهێنانی گەورەتر لەسەر پاراستن و توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و بۆ ئەوە دروستکراوە کە توانا و کارامەییەکانی ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی بنیات بنێت کە لە نەینەوا کار دەکەن و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بە کۆمەڵگا زیان لێکەوتووەکان و ئاوارە گەڕاوەکان.

لەگەڵ ئەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لەسەر ئاستی جیهان بەرەو زیادبوونە، بەڵام ئەو دەرئەنجامانەی ئافرەتان لە عێراق و کوردستان ڕووبەڕووی دەبنەوە زۆر گەورەیە. عێراق خاوەن زۆرترین ڕووداوەکانی توندوتیژی نێوان هاوسەرانە لە جیهان، ڕێژەی ٤٥٪ ی ئافرەتان تووشی ئەم توندوتیژییە بوونەتەوە لە ١٢ مانگی ڕابردوودا - ئەمەش بە گوێرەی ڕاپۆرتی ژنان و ئاشتی و ئاسایش[1]. دۆخەکە لەگەڵ هاتنی پەتای کۆرۆنا خراپتر بوو کە فشاری خستە سەر باری ئابووری خەڵکی و ژنانی گۆشەگیر کرد لەگەڵ کەسی بەدمامەڵەکار لە ماڵەوە. تەنها لە ساڵی ٢٠٢٢ دا (١٧) ئافرەت لە سەرتاسەری وڵات کوژران بە هۆی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتییەوە - کە ئەمەش ڕێژەی ٣٠٪ زیاترە بە بەراورد لەگەڵ هەمان ماوەی ساڵی پار[2]؛ و دەکرێت ئەم ڕێژەیە زۆر زیاتر بێت بەڵام بە هۆی نەریتی کۆمەڵایەتی زیان بەخش و هەواڵ نەدان تۆمار ناکرێن.

توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان پێناسە دەکرێت وەک هەر توندوتیژییەک ئەنجام بدرێت لە دژی کەسێک لەسەر بنەمای جۆریَ کۆمەڵایەتی، جا چ ئەنجام بدرێت یان گەورە بکرێت بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و تەکنەلۆژیا - لەوانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پلاتفۆرمەکانی نامە گۆڕینەوە و ماڵپەڕەکانی یاریکردن. نزیکەی ٧٠٪ ی دانیشتووانی عێراق لەسەر ئینتەرنێتن و نزیکەی هەموو کەسێک بە مۆبایل لەسەر هێڵە[3]. بە بێ ماددە و ڕێنمایی یاسایی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی تاوانەکانی سەر ئینتەرنێت، توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەربەستی نویَ دێنێتە ئاراوە لە چۆنیەتی پاراستنی کەسانی ژێر مەترسی، ئەمە جگە لە چۆنیەتی ڕاپێچکردنی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا کە زۆر جار ئەستەمە دەستنیشان بکرێن و بدۆزرێنەوە.

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، (٣٠) ڕێکخراوی ناحکومی نیشتیمانیی بەرنامە شەش مانگییەکەی دەزگای سیید تەواو دەکەن کە لەژێر ناوی (بەرنامەی ڕاهێنانی پاراستن و توندوتیژی سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی)یە، سوپاس بۆ پاڵپشتی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نوسینگەی دانیشتووان و کۆچ و کۆچبەران (PRM)، بەشداربووان سێ هەفتە وانەی ڕووبەڕوو لەگەڵ شەش دانیشتنی ڕاهێنانی کرداریی تەواو دەکەن؛ کە ئەمانە دەبنە پاڵپشتیی تێکەڵکردنی کارامە نوێیەکانیان لە کاری ڕۆژانەیان.

یەکەی ڕاهێنانەکە جەخت لە پێنج بابەتی سەرەکی دەکاتەوە، کە بریتین لە:

---

[1] https://giwps.georgetown.edu/the-index/
[2] Hengaw Organization for Human Rights, https://hengaw.net/en/news/annual-report-from-march-2021-to-march-2022-on-violence-against-women-in-kurdistan
[3] https://datareportal.com/reports/digital-2020-iraq

seed foundation
Social Educational Economic Development

1. ڕێکار و پاراستن و ڕێگاچارە یاساییە بەردەستەکان.
2. ڕێکارەکانی پاڵپشتی و بەهێزکردنی ڕزگاربووان.
3. بنیاتنانی تواناکان لەوانە بۆ ڕێکخراوی ناحکومی و لایەنەکانی تری نێو سیستەمی دادوەری.
4. پەروەردە و بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگا.
5. داکۆکیکردن و کاری گشتگیر وەک هاوبەشی و هەماهەنگی لە نێو سێکتەرەکاندا.

بە کارکردن لە ژینگەیەک کە بە دەست ڕێژەیەکی زۆری توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و کوشتن لەسەر بنەمای (شەرەف)ەوە دەناڵێنێت، دەزگای سیید درکی بە پێویستییەکانی ژنانی گەنج کردووە لە هەرێم. بۆیە دەزگای سیید پێشەوایەتی کار کردن دەکات لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان - لە ناوچە عێراقییە نزیکەکان، کە بەم دواییانە سەرۆکایەتی دامەزراندنی کۆمەڵی کار لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لە نێوان بریکارەکاندا لە عێراقی کرد، و ئەرکی پتەوکردنی میکانیزمەکانی ڕێگرییکردن و وەڵامدانەوە بۆ کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە یارمەتی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لە تەواوی عێراق لە ئەستۆ گرتووە.

---

دەزگای سیید ڕێکخراوێکی کوردستانی ناوخۆییە و پابەندە بە پاراستن و بەهێزکردن و پاڵپشتی باشبوونەوەی ڕزگاربووانی توندوتیژی و ئەوانەی لەژێر مەترسین. بە شێوازێکی گشتگیر و تێکەڵکردن ئەم ئەرکە رادەپەڕێنین. خزمەتگوزاری گشتگیر و لە جۆری بەرز پێشکەش دەکەین، لەوانە خزمەتگوزاری دەروونددروستی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری یاسایی و پاراستن و داڵدەدان؛ هەروەها ڕاهێنان پێکردن، بنیاتنانی توانا، و بواری پەروەردەیی بۆ ئەوانەی لە پاراستن و خزمەتکردنی ڕزگاربوواندا کار دەکەن؛ هەروەها داکۆکیکردن و پەیڕەو لە پێناو پتەوکردنی یاسا و ڕێنمایی و ڕێکار و پاراستنەکان بۆ کەسانی ژێر مەترسی، و هەروەها بانگەشەکردن بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە:

- مارلیی تینۆک، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان: marley.tinnock@seedkurdistan.org ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٨٠٩٨٥٤١
- بەشی میدیای دەزگای سیید: media@seedkurdistan.org